# خەونی من دەوڵەت نییە؟!




**فۆتۆجۆرنالیست / ئاسۆعەبدوللەتیف**

**ئەحمەدی شاملۆ شاعیری گەورەی فارس ئەڵێ:**

**مناڵەکان بە گاڵتینە بەرد ئەگرنە بۆقەکان .. وەلێ بۆقەکان بە راستەڤینە ئەمرن..**

**منالاًن تەنها تاوانیان ئەوەیە کە بە نەزانین و گاڵتەوە بونەوەرێك ئەکوژن کە بۆقەو ڤیرە ڤیرەکەی ئاوەدانیەکی جوانە بۆ سەرچەشمەو گوندەکانمان، ئەوان چوزانن بۆقەکان بە راستی ئەمرن؟ چوزانن مانای مەرگی هەناسەی گیانداریێ یانی چی؟ چوزانن بێدەنگکردنی سروشت و ژیان یانی چی، بەلاًم گەورە دەسەلاًتدارەکان خۆ ئەزانن هەرچی منالًی کورد هەیە بە خەونی یاریگایەك و تۆپێکی شرەوە ئەژین و ئەمرن و هاوار ئەکەن گۆڵ، خۆ ئەزانن مەرگی ئەم منالاًنەمان مەرگێکی کوشندەی نادیارە، خۆ ئەزانن سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی ووشەو دەنگەکان یانی چی، رۆژانە منالاًنمان بەو خەونە پەمەییانەوە ئەکوژن و پەژموردە ئەکەن، ئاخۆ منالًەکانی خۆشیان ئاوا ئەژین؟ بە نەعلی لاستیك و تۆپی دڕاوو لەسەر یاریگای بەردەلاًن و خۆڵ یاری و گەمە ئەکەن؟ چ نایەکسانیەکە لەو هەموو داهاتە بەشی منالاًنی کوردی پێوە نەبێ و لە یادی منالاًنیشدا پێشانگاو فیستیڤالًی ساختەیان بۆ ساز بکەن..**

**تکایە منالًەکان بەرد مەگرنە بۆقەکان با بە راستەڤینە ڤیژەیان گوێی بەرپرسەکانمان کەڕ بکات.. تکایە بەردەکانتان هەلگرن بۆ رۆژی خۆی!!**